# ئایا خاتوو مه هاباد قه ره داغی واز له كاره كه ی ده هێنێت ؟

ئه رده لان عه بدوڵلا

رۆژنامه ی ژننامه ، هه واڵێكی بلاوكرده وه ، كه گوایه خاتوو مه هاباد قه ره داغی ووتوویه تی كه ( مه سعود به رزانی ، حه میده فه نی وه زیری پێشمه رگه ی پارتی له سه ركار ده رده كات،چونكه ژنی پێنچه می هێناوه*).هه ر چه نده پارتی ئه م هه واڵه ی باس نه كردووه و هیچ روونكردنه وه یه كیان له سه ر ئه م قسه یه ی مه هاباد قه ره داغی نه داوه. پێش ئه وه ی باسی ئه وه بكه ین ئایا ئه م قسه یه راسته یان نا ، به پێویستم زانی چه ند سه رنجێك بلێم .
له رۆژهه لاتی ناوه راستدا، هیچ كات ئه ندامی حیزبێك یان گروپێك له سه ر ( لێدان و فره ژنی و بێ ماقی به رامبه ر ژنان ) ده رنه كراوه . بگره ئه و شتانه یان زۆربه ئاسایی وه رگرتووه . تاكه حیزبێك كه ئه م نه ریته ی شكاندو رێگایه كی نوێی گرته به ر ، كۆمه له ی ئێران بوو. به راستی كۆ مه له تواني ئه ندامانی به نه ریتێكی شۆرشگێرانه په روه رده بكات و فێری رێزگرتنی ژنانیان بكات. هه ر ئه ندامێكیش له ژنه كه ی بدایه یان بیچه وسانایه ته وه ، یه كسه ر له كۆمه له ده رده كرا. باناوی كه س نه به یین به لام ئه و خه ڵكانه ی كه ده ركراون دیارن .
سه یر له وه دا بوو كه كاتێك ئه ندامێكیان ده رده كرد ، یه كسه ر حیزبی دیموكرات ده یگرته خۆی! . له سه ره تای نه وه ده كانیش ( حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری) ، ئه م نه ریته ی په یره وكرد . كه ئه مان یه كه مین حیزبی كودرستان بوون كه كارێكی وا ئه نجام بده ن و له په یرِه و پرۆگرامی حیزبه كه یان ئه م سیاسه ته بسه پێنن. هه ر چه نده ئه مان گروپێكی بچووك بوون ،لێ هه نگاوێكی شۆرشگێریان سه پاند . له وه تی راپه ڕینیش بوو،جه لالی و مه لای خۆیان به سه ر گه لی كوردستان دا سه پاندووه ، ئه م دوو لایانه هه ر چی ئه ندامیان هه یه ، كاتێك له شاخه كان هاتنه خواره وه و بوونه (مه سئوول!)، یه كه مین شت كه ده ستیان به فرێدانی كرد ، ژنه كۆ نه كانیان بوون . ئه و ژنه قاره مانانه ی كه چه ندین ساڵ به و شاخانه وه له گه ڵ ئه م جانه وه رانه بوون . كه چی هه روا به ئاسانی وازیان لێهێنان . ئیتر باباسی سكانداڵ و په لاماردانه كانیان نه كه ین چونكه ،خاتوو مه هاباد خۆی له ئێمه باشترئاگاداره. هیچ كات چاوه ڕێی بریاری شۆرشگێری و مرۆیی له گروپێكی مافیایی و دڕنده ناكرێت .گرووپێك كه ئه ندامانی له سه ر (شه ڕو دزی وتالانی وچه ته گه ری ) په روه رده بكات، ئه مه (وڕێنه یه) كه داوای رێزگرتنی ژنانی لێبكه یت.ئاخر ئه وان بۆ ڕێزی پیاو ده گرن تا ژن به ئینسان دابنێن ؟؟!.

مه سعود له پاش داگیرکردنی عێراق ، به ئه مری ئه مه ریکا کۆبوونه وه یه کی له سه لاحه دین به ناوی ( سولحی وه ته نی ، ئاشتی نیشتمانی ) به ست . زۆر سووپاسی شیعه کان ده که م که به نه هاتنیان ، مه سعود و ئه مه ریکایان ریسواکرد . ئاخر سولح له گه ڵ کێ؟! له گه ڵ ( سامه رائی یان جه بووری ) .
به هه ر حاڵ ، مه سعود هه روای ده زانی ئه مه ش وه ك سولحی عه شایری وایه ، بۆیه هه ستا کچێکی جوان وناسکی(نه سرین به رواری) ، کرده دیاری و دای به کابرایه کی وورگ زل، که هێشتا فێری پێڵاوله پێکردن نه بووه . ئاخر له سولحی عه شایریدا ، هه ر ده بێت کچێك بکرێته قوربانی شه ری نه گریسی پیاوه کان ،
مه سعودیش به م کاره ی ده ری خست چه نده ژن لای مووقه ده سه !!!!!
ئه ی خاتوو مه هاباد ئه م قسه یه ی بۆ کرد ؟! به رای من له به ر دوو هۆ بوو .
یه که میان بۆ ده م کووتانی ئه و که سانه ی که ڕه خنه یان لێگرت، کاتێك که بوو به راوێژکاری سه رۆك . له لایه کی تره وه بۆ ئه وه ی بۆمان بسه لمێنێت که رۆڵی له سه ر بریاره کانی سه رۆك هه یه و فیعله ن! خزمه تی ژنان ده کات .
دووه مینشیان له به ر ئه وه ی که س نه پرسێت ، چۆن ده بێت د.روئیا ته لووعی له زیندانی ده سه ڵاته وه به رگری له ژنان بکات ، که چی به ڕێزیشتان له کۆشکی ده سه ڵاتدا راوێژکاری سه رۆك بن؟؟! . من هیوادارم که قسه کانی خاتوو مه هاباد راستبێت و مه سعودی سه رۆك ، حه میده فه ندی وه زیر ده ربکات . لێ ئه گه ر مه سعود حه میده فه ندی ده رنه کرد ، ئایا خاتوو مه هاباد ئاماده یه واز له کاره که ی بهێنێت ؟؟!

له گه ڵ رێزمان

*www.jinname.org ، رۆژی چوارشه مه 6 ڕه زبه ندی 2705

ardellen1@web.de